# بەهۆی هێرشی درێنییەوە کارکردن لە دو کێڵگەی نەوتی هەرێم راگیرا

بەهۆی هێرشی درێنییەوە کارکردن دو کێڵگەی نەوتی هەرێم لە پارێزگای دهۆك راگیرا کە بەرهەمی رۆژانەیان نزیکەی 60 هەزار بەرمیل نەوتە.

کۆمپانیای ئۆج کۆی ئۆن ئینێرژیی ئەمریکی رایگەیاند، بێتواوێتی پرسی بەرهەمهێنانی نەوتییان لە کێڵگەی سەرسەنگ لە پارێزگای دهۆك ڕاگرت، دوای ئەوەی لە ڕێگەی درێنەوە کێڵگەکە کرایە ئامانج.

هەروەها کۆمپانیای شاماران رایگەیاند، کارکردنیان لە کێڵگەی نەوتی ئێتروش راگرتوە.

بیرنەوتی سەرسەنگ و ئێتروش دەکەونە پارێزگای دهۆك و هەریەکەکیان ڕۆژانە نزیکەی 30 هەزار بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێنا.

کۆمپانیای شاماران کە بە ڕێژەی 18٪ پشکی لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ هەیە، لە راگەیەندراوەکدا

وتی، هەرشەکە هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتوەتەوە.

کەمپانیاکە ڕایگەیاند، "کارکردن لە بیرنەوتەکەدا ڕاگیراوە هەتا ئەو کاتەی شوێنەکە پارێزراو دەبێت و هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بۆ دەکرێت. هەروەها بەرهەمهێنان لە ئێتروش وەک ڕێکارێکی خێپارێزی وەستاوە."

ئەوەش لەکاتێکدایە کە سەرێتای ئەم هەفتەیە بەرپرسانی نەوتی عێراق ڕایانگەیاند، بەرهەمهێنانی نەوتی ڕۆژانەیان بە ڕۆژێی نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار بەرمیل کەمکردووەتەوە لە ڕۆژکدا. هەروەها ئاماژەیان دا ڕێنگە لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتودا ئەم کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان بگاتە سێ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژکدا، چونکە عێراق توانای عەمبارکردنی ناوخێیی نامێنێت.